# وەقایعی کوردستان

ژمارە (١٦٨) سالی سیزدەم ٦ / ئاب /٢٠١٣ زاینیی ١٥/ خەرمانان / ٢٧١٣کوردی ٢٩ / رەمەزان / ١٤٣٤ کۆچی

لەم ژمارەیەدا :

168


| | |
|---|---|
| یاسای ژمارە (١٩)ی سالی٢٠١٣<br>یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان - عێراق | ل ١ |
| رێنمایی وەزارەتی ناوخۆ سالی٢٠١٣<br>هەمواری یەکەمی رێنمایی تایبەت بە کاری موختارەکان | ل ٣ |
| بەیانی ژمارە (٨ – ٩ ١٠ – ١١ ) سالی ٢٠١٣ وەزارەتی ناوخۆ | ل ٤ |
| بەیانی ژمارە ( ١٤ ) سالی ٢٠١٣ وەزارەتی داد | ل ٦ |
| بەیانی سالی ٢٠١٣ وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو | ل ٦ |
| بەیانی ژمارە ( ٩ ) سالی ٢٠١٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی | ل ٦ |
| بەیانی ژمارە (٦١-٦٢-٦٣-٦٤-٦٥-٦٦-٦٧-٦٨-٧٠-٧١-٧٢-٧٣-٧٤-٧٥-٧٦-٧٨-٧٩-٨٠-٨١-٨٢)<br>سالی ٢٠١٣ وەزارەتی تەندروستی | ل ٧ |


ناونیشان: هەولێر-چوار ریانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد. .
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)
http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

العدد (١٦٨) السنة الثالثة عشرة ٦ / أب / ٢٠١٣ميلادي ١٥ / خەرمانان/ ٢٧١٣كوردي ٢٩ / رمضان / ١٤٣٤هجري

## في هذا العدد:

**168**

**قانون رقم (١٩) لسنة ٢٠١٣** ص ١٢

قانون تمديد ولاية رئيس الاقليم كوردستان - العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات لسنة ٢٠١٣ وزارة الداخلية** ص ٣

**بيان رقم (٨ - ٩ - ١٠ - ١١) لسنة ٢٠١٣ وزارة الداخلية** ص ٤

**بيان رقم (١٤) لسنة ٢٠١٣ وزارة العدل** ص ٦

**بيان لسنة ٢٠١٣ وزارة الزراعية و الموارد المائية** ص ٦

**بيان رقم (٩) لسنة ٢٠١٣ وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية** ص ٦

**بيان رقم** (٦١-٦٢-٦٣-٦٤-٦٥-٦٦-٦٧-٦٨-٦٩-٧٠-٧١-٧٢-٧٣-٧٤-٧٥-٧٦-٧٨-٧٩-٨٠-٨١-٨٢) ص ٧
**لسنة ٢٠١٣ وزارة الصحة**

**No.: 168 Date: August, 6 , 2013 Vol.: 13**

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٠٢٦٤٨٩٨٩- ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**پشت بە حوکمی بڕگەی ( 1 ) لە ماددەی ( 56 )ی یاسای ژمارە ( 1 )ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان , و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە ( 1 )ی ساڵی 1992 هەموارکراو و یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( 35 )ی ڕۆژی 30 / 6 / 2013 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا :**

**یاسای ژمارە** ( 19 )**ی ساڵی** 2013

**یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

**ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە ( 20 / 8 / 2013 ) دا تەواو دەبێت , بەردەوام دەبێت , درێژ دەکرێتەوە تا ( 19 / 8 / 2015 ) کە ئیتر بۆ دووەم جار یارای درێژ کردنەوەی نییە .**

**ماددەی دووەم :**

**لەو ماوەیەدا کە لە ماددەی ( یەکەم )ی ئەم یاسایەدا دیاریکراوە , پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە سازان هەموار دەکرێتەوە .**

**ماددەی سێیەم :**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت .**

**ماددەی چوارەم :**

**پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .**

**ماددەی پێنجەم :**

**ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت  و لە رۆژنامەی فەرمیی ( وەقائعی کوردستان ) دا بلاّودەکرێتەوە .**

**یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی , بەپێی حوکمی برگەی یەکەم / 2 لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2005ی هەموارکراو**

## هۆیە پێویستکارەکان

**لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی هەرێمی کوردستان و , بۆ هاتنەکایەی پێکهاتن و سازان لەسەرهەموار کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم , و لەبەر ئەوەش کە پرۆژەی دەستوور بۆ سیستەمی سیاسی هەرێم گرنگە , و بەمسۆگەر کردنی رەخساندنی بارودۆخی مەوزوعی بۆ ئەوەی بگەین بە پێکهاتن لەسەری ئامانجەکانی گەلی کوردستان – عێراق بگاتە جێ و بێتەدی رێزەکانی یەکبگرن و برایەتیان بەردەوام بێت , ئەم یاسایە دەرچوێندرا .**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە** ( 14923 ) **لە ڕێکەوتی** 2013/7/7

## ڕێنمایی

## هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە کاری موختارەکان

**ئاماژە بە نووسراومان ژمارە (8221) لە (2013/4/21) تایبەت بە کاری موختارەکان کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (161) لە (2013/4/30) بلاوبۆتەوەو بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروباری موختارەکان لەسەر ڕۆشنای تێبینی پارێزگاکان و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددە 3 بڕگە /1 لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە 6ی ساڵی 2009 و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە هەموارکردنی ئەم ڕێنماییەی سەرەوە :**

**1- بەشی دووەم بڕگە 3 لە ڕێنمایی سەرەوە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:**

**- بەشی دووەم/بڕگە3: گوند هەژماردەکرێت بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە کەوا بریتیە لەکۆمەڵەماڵێك**

**2- بەشی سێهەم بڕگە3و7و8: لەرینمایی سەرەوە هەڵدەوەشێتەوە وئەمەی خوارەوە جێگایان دەگرێتەوە:**

- **بەشی سێهەم / برگە 3: تەمەنی کەمتر نەبێت لە 30 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 63 ساڵ لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندنی بە موختار.**
- **بەشی سێهەم/ بڕگە7 : هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی بەلایەنی کەم سەرەتایی بێت بۆ گەرەکەکان و ( نووسین و خوێندنەوە - یکتب و یقرا ) بێت بۆ گوندەکان.**
- **بەشی سێهەم/ برگە 8 : هیچ کێشەیەکی تەندروستی و لەش و لاری نەبێت کەرێگر بێت لە راپەڕاندنی کارەکانی بە پێی راپۆرتی پزیشکی پسپۆری پەسەندکراو.**

**3- بەشی پێنجەم بڕگە 1: لەرێنمایی سەرەوە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:**

- **بەشی پێنجەم / برگە 1: خەرج کردنی دەرماڵەیەك یان پاداشتێکی مانگانە بە بڕی (500000) پێنج سەد هەزاردینار بۆ گەرەکانی ناو شار و( 400,000) چوار سەدهەزار دینار بۆگەڕەکەکانی ناو قەزاکان و ( 350,000) سێ سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ گەرەکی ناحیەکان و گوندەکان لە بودجەی پارێزگا یان یەکەی کارگێری سنووری کارەکەی.**
- **ئەم هەموارە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.**

**شێروان حەیدەری**

**وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**

## بەیان

**ژمارە** ( 8 )**ی ساڵی** 2013

**ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە(3776 لە 2013/6/23) ولەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا:-**

- **بە پەسند کردنی حەرەمی نوێ ی گوندی (هەوار غەلی بچوك) سەر بە قەزای مەخمور چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (36) دۆنم لە پارچە زەوی ژمارە (12 لە کەرتی/ 45 أ- هەوار غەل) بە پێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی 2013/7/22 .**

## بەیان

**ژمارە** ( 9 )**ی ساڵی** 2013

**ئاماژە بەنوسراوی ئیدارەی گەرمیان ژمارە(1856 لە 2013/4/25) ولەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :-**

- **فراوانکردنی حەرەمی گوندی ( هۆرێن ) لە سنوری ناحیەی مەیدان / قەزای خانەقین بە رووبەری (14) دۆنم لە پارچە زەوی ژمارە (11 لە کەرتی 6/ هۆرێن ) بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی 2013/7/21 .**

**کەریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیان**

**ژمارە** ( 10 )**ی ساڵی** 2013

**ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە(4569 لە 2013/6/20) ولەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا:-**

- **بە پەسند کردنی حەرەمی نوێ ی گوندی (باڤیا) سەر بە ناحیەی باتێل / قەزای سیمێل چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (43,10,00) تەنها چل و سێ دۆنم و دە ئۆلك لە پارچە زەوی ژمارە (92 لە کەرتی/ 65 باڤیا) بە پێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی 2013/7/21 .**

**بەیان**

**ژمارە** ( 11 )**ی ساڵی** 2013

**ئاماژە بە بڕیاری دادگای پێداچونەوەی ناوچەی سلێمانی ژمارە (120/ س/ 2012 لە2012/9/10) و داوبەدوای بەیانمان ژمارە (4) ساڵی 2012 و نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (18524 لە 15 /2013/7) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-**

- **هەڵوەشاندنەوەی بەیانی ژمارە (4) ساڵی 2012 بە نوسراومان ژمارە (25013 لە 2012/10/1) تایبەت بە گوندی (الی بزاو)**
- **لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/28 .**

**کەریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( 14 )ی ساڵی 2013**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەماددەی (نۆیەم) بڕگەی( دووەم ) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (13)ی ساڵی( 2007) بڕیارماندا بە :-**

**- کردنەوەی فەرمانگەی دادنوسی لە ناحیەی شەمامك.**

**شێروان حەیدەری**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیان**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەماددەی (پێنجەم) بڕگەی( دووەم ) لەیاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی ساڵی (2010) بڕیارماندا بە :-**

**- کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی چەسپاندنی ماف و رێکخستنی خاوەنداریەتی) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزار لە دیوانی ئەم وەزارەت.**

**- لەبەرواری دەرچوونی ئەم بەیانە 2013/7/21.**

**پرۆفیسۆر سیروان بابان**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە ( 9 )ی ساڵی 2013**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەماددەی (حەوتەم) بڕگەی( دووەم ) لەیاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی( 2007) بڕیارماندا بە :-**

- هێنانە کایەی (استحداث) کردنی هۆبەی ( ژمێرکاری پڕۆژەکان ) لە چوارچێوەی بەشی ژمێریاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلآیەتی (هەولێر- سلێمانی - دهۆك - گەرمیان)
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە**2013/7/4**

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلآیەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە** ( 61 )**ی ساڵی** 2013

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (**15**)ی ساڵی **2007** و، بریارماندا بە :-
- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی) لە سنووری مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/7** .

**بەیانی ژمارە** ( 62 )**ی ساڵی** 2013

- گۆرینی (کۆمەڵگەی پسپۆری پزیشکی ددانی هەڵەبجەی شەهید) بۆ (کۆمەڵگەی پسپۆری پزیشکی ددانی شەهید فرج حمە میر ئەحمەد دەرەشیش) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/8** .

**بەیانی ژمارە** ( 63 )**ی ساڵی** 2013

-کردنەوەی (هۆبەی نەخۆشخانەی گەڕۆك) لە بەشی تەکنیکی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/8** .

**بەیانی ژمارە ( 64 )ی ساڵی 2013**

**کردنەوەی (یەکەی ئەندازیاری) لە نەخۆشخانەی منداڵانی فێرکاری سەربە بەڕێوەبەراتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/9 .**

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 و، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( 65 )ی ساڵی 2013**

**-کردنەوەی (هۆبەی چاپکراوەکان (بلیت بڕ) لە نەخۆشخانەی منداڵان و مندالبوون سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/9 .**

**بەیانی ژمارە ( 66 )ی ساڵی 2013**

**-کردنەوەی (بنکەی تەندروستی قورەبەرازە) لە ناحیەی حاجیاوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/15 .**

**بەیانی ژمارە ( 67 )ی ساڵی 2013**

**- کردنەوەی (مەڵبەندی تەندروستی شەهید ئازادی مامە عەلە) لە گەڕەکی شۆرشی قەزای دەربەندیخان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/15 .**

**بەیانی ژمارە ( 68 )ی ساڵی** 2013

**-کردنەوی (هۆبەی تەکنەلۆجیای زانیاری IT) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/15 .**

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 و، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( 69 )ی ساڵی** 2013

**-کردنەوەی (بنکەی تەندروستی شینکێ) لە قەزای ماوەت سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/15 .**

**بەیانی ژمارە ( 70 )ی ساڵی** 2013

**-کردنەوەی (بنکەی تەندروستی قەندۆل) لە جۆری (E) لە گوندی قەندۆل / ناحیەی ئیسێوە / قەزای پشدەر سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/15 .**

**بەیانی ژمارە ( 71 )ی ساڵی** 2013

**-کردنەوەی (بنکەی تەندروستی) لە ناو باڵەخانەی تازەی بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوە لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر / جولانەوە و تاوان سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی 2013/7/16 .**

**بەیانی ژمارە ( 72 )ی ساڵی 2013**

-كردنەوەی (هۆبەی بوژانەوە و ڕاوێژكاری دڵ) لە نەخۆشخانەی نویّی شەهید د.خالید سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی كۆیە .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریكەوتی **2013/7/17** .

**د.رێكەوت حمە رشید كریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 و، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( 73 )ی ساڵی 2013**

-كردنەوەی (هۆبەی فریاكەوتنی خێرا) لە مەڵبەندی تەندروستی شەهید عوسمان مستەفا ماوەتی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریكەوتی **2013/7/21** .

**بەیانی ژمارە ( 74 )ی ساڵی 2013**

-گۆرینی (ئەم (18) هەژدە بنكەی كە لە خوارەوە ئاماژەی پێكراوە) بۆ (بنكەی تەندروستی ئیشكگری (24) بیست و چوار كاتژمێری) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریكەوتی **2013/7/21** .

1- بنكەی تەندروستی ( مێشەروو ، گۆخلآن ، باشماخ ، سەرسورراو ) لە قەزای پێنجوێن .

2- بنكەی تەندروستی ( قزلەر ، قەرەنگویّ ، شەهید صلاح كانی وەتمانی ، قامیشەی دوكان ، قازان ، شیلەخان) لە قەزای دوكان .

3- بنكەی تەندروستی (سەرچاوەی هۆمەر قەلآ ، قازانقایە ، گوڕباز) لە قەزای قەرەداغ .

4- بنكەی تەندروستی (گۆرانكە ، شێخ المارین ، سەرخوار ، یاخسەمەر ، باراو) لە قەزای چوارتاو ماوەت.

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریكەوتی **2013/7/21** .

**بەیانی ژمارە ( 75 )ی ساڵی 2013**

-كردنەوەی (مەڵبەندی خۆپاراستنی تەندروستی شەهید مەحمود سێدەری) سەر بە بەرێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/21** .

**بەیانی ژمارە ( 76 )ی ساڵی** 2013

-گۆرینی ناوی (مەڵبەندی تەندروستی تانجەرۆ) بۆ (مەڵبەندی تەندروستی برایەتی) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/21** .

**د.رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (**15**)ی ساڵی **2007** و، بریارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە ( 78 )ی ساڵی** 2013

-کردنەوەی (ئەم هۆبانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە) لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی تەندروستی سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر (هۆبەی **1**- ژمێریاری **2**- وردبینی **3**- خزمەتگوزاری)

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/21** .

**بەیانی ژمارە ( 79 )ی ساڵی** 2013

- یەکگرتنەوەی هەردوو (سەنتەری نەخۆشی جومگەکان) و (ناوەندی سەرەکی ڕاهێنان و دروستکردنی پەلی دەستکرد) بۆ (سەنتەری تایبەتمەندی نەخۆشیەکانی جومگە و ڕاهێنانەوەی پزیشکی) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/21** .

**بەیانی ژمارە ( 80 )ی ساڵی** 2013

- کردنەوەی (هۆبەی چارەسەری سروشتی) لە نەخۆشخانەی گشتی شەهید شەوکەت حاجی مشیر لە قەزای سید صادق سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور.
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/21** .

**بەیانی ژمارە ( 81 )ی ساڵی** 2013

کردنەوەی (هۆبەی سوتەمەنی) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی خانەقین سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریکەوتی **2013/7/21** .

**بەیانی ژمارە ( 82 )ی ساڵی 2013**

**كردنەوەی (بنكەی تەندروستی نورەدین) لە گوندی نورەدین سەر بە قایمقامیەتی قەزای پشدەر و (بنكەی تەندروستی بێناسە) لە گوندی بێناسە سەر بە ناحیەی هێرۆ لە قەزای پشدەر سەر بە بەرێوەبەریەتی گشتی راپەرین .**

**- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ریكەوتی 2013/7/21 .**

**د.رێكەوت حمە رشید كریم**
**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**إستناداً لحكم الفقرة ( 1 ) من المادة ( 56 ) من القانون رقم ( 1 ) لسنة 1992 المعدل و بناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان , استثناءاً من احكام القانون رقم ( 1 ) لسنة 1992 المعدل والقانون رقم (1) لسنة 2005 المعدل , قرر برلمان كوردستان - العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (35) والمنعقدة بتأريخ 30 / 6 / 2013 تشريع القانون الآتي :**

**قانون رقم ( 19 ) لسنة 2013**

**قانون تمديد ولاية رئيس الاقليم كوردستان - العراق**

**المادة الأولى :**

**تمدد ولاية رئيس الاقليم المنتهية في (2013/8/20) لغاية (2015 /8/19) وغير قابلة للتمديد ثانية .**

**المادة الثانية :**

**تجري التعديلات على مشروع دستور اقليم كوردستان و بالتوافق ضمن المدة المبينة في المادة ( الاولى ) من هذا القانون .**

**المادة الثالثة :**

**لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون .**

**المادة الرابعة :**

**على رئاسة الاقليم و مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .**

**المادة الخامسة :**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).**

يعتبر القانون صادراً بعد مضى مدة بموجب الفقرة / أولا/2 من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم ( 1 ) لسنة 2005 المعدل

**الاسباب الموجبة**

**لمقتضيات المصلحة العامة لاقليم كوردستان وبغية حصول التوافق على تعديل مشروع دستورالأقليم ولأهمية الدستور للنظام السياسي للاقليم ولضمان تهيئة الظروف الموضوعية للتوصل الى توافق حوله لتحقيق طموحات شعب كوردستان- العراق في تحقيق أهدافه ووحدة صفه وديمومة تآلفه فقد شرع هذا القانون**